«تۆڕی فێرکاری برادۆست»

ئەرکی چاپکردنی وەئەستۆ گرتووە



ئەم وێنەیە لە مانگی یانزەی ساڵی «1973» لەکاتی بەستنی کۆنگرەی سێی حیزبی دیموکراتی کوردستان گیراوە.

لەڕاستەوە «مەلا ڕەسوڵ نەوزادی، مەلا حەسەنی ڕستگار، مەلا ڕەحمانی فاتیحی، مەلا محەمەدی زوودی، مەلا عەبدوڵلای حەسەن زادە، مەلا ڕەسوڵی پێشنماز» دانیشتووەکان لەڕاستەوە «سالار بێسارانی، سەید ڕەسوڵی ورچان».

ئەرشیفی: خالید و کاوە فاتیحی

**سالار بێسارانی وەکوو خەباتگێڕێک:**

بەڕێز «بایز شەریف» لەدایکبووی ساڵی «1938»ی زاینی خەڵکی گوندی «کاومەلە»ی «سەرشیوی سەقز» کە لە باشووری کوردستان بە «شێخ بایز» ناسراوە و ئێستاکە لە شاری «سلێمانی» لە گەڕەکی «قلیاسان» نیشتەجێیە وەکوو هاوڕێ و هەڤاڵی مامۆستا «سالار بێسارانی» کە نزیک بە دوو دەیە لەگەڵ یەکتردابوون بەمجۆرە باسی ژیانی خۆی و «سالار بێسارانی» بۆ کردین و گووتی:

«ساڵی «1963»ی زاینی «سالار بێسارانی» لە دەڤەری «ژاوەرۆ-ی مەریوان» لە ترسی دەستگیرکردنی لەلایەن ڕژێمی «محەمەد ڕەزاشای ئێران» بە هۆکاری سیاسی ئاودیوی باشووری کوردستان بوو، هاتە لامان کە لە بنکەی «حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران» بووین لە گوندی «وڵیاوا – ی شارباژێر» کە پێشتریش ئێمە هانامان بۆ ئەوێ بردبوو، ئیتر بوو بە پێشمەرگە».

- ساڵی «1964»ی زاینی من و «سالار بێسارانی» و «ئەحمەد مەحمود» لەڕێگەی «پێنجوین»ـەوە بەشێوازی پارتیزانی خۆمان گەیاندە سنووری مەریوان بەهۆی ئەوە

کە «سالار بێسارانی» کادری دەڤەری «مەریوان و ژاوەرۆ» بوو بەشەوان سەردانی ماڵی ئەندامە نهێنیەکانی حیزبمان دەکرد و بەڕۆژیش لە کێوەکان خۆمان دەشاردەوە.

- ساڵی «1965»ی زاینی لەسەر بڕیاری حیزب گوازراینەوە بۆ گوندەکانی «سونێ و شێنێ - پشدەر». ماوەیەکی چووینە لای «ئەحمەد تۆفیق» کە لە گوندی «شێخانی حاجی هۆمەران» بوو.
- جارێکی دیکە لەسەر فەرمانی حیزب من و «سالار بێسارانی» لەڕێگەی «پێنجوین»ـەوە بە شەو خۆمان گەیاندەوە «مەریوان» و ئەندامە نهێنیەکانمان بەسەر کردەوە ئینجا ڕوومان کردە «دەڤەری ژاوەرۆ» و «ئاوایی بێساران»ی زێدی «سالار بێسارانی» ماڵی باوکی ئەو، دوای ماوەیەک ڕۆیشتینە گوندەکانی «هویە و سەرهویە» دوای ئەنجامدانی کاروبارەکانمان دیسان گەڕاینەوە باشووری کوردستان. لەڕێی گەڕانەوەماندا کە بە کێوی «میانە»دا بوو، شەو بوو زۆرمان حەز لە «چایی» بوو کە دەبوو ئاگر بکەینەوە و ئاگر کردنەوەش دوکەڵی دەبوو لە ترسی ئەوەی شوانیش پێمان نەزانن «سالار بێسارانی» فێری کردم توێکڵی دارەکە لێ بکەمەوە تا دوکەڵ نەکات، دیارە منیش بەوجۆرەم کرد و ڕێک وا دەرچوو ئینجا خۆمان گەیاندەوە «پێنجوین» و لەوێشەوە بۆ «قەڵادزێ».

- کۆتایی ساڵی «1965»ی زاینی بوو «حەسۆ میرخان»[1] کە ئامر هێزی «کاوە -ی پشدەر -ی شۆڕشی ئەیلوول» بوو داوای لە «حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران» کرد کە هێزێکیان بۆ بکەنەوە، وابوو حیزبمان ڕەزامەندی لەسەردا و هێزەکەمان پێکهێنا کە «35» کەس بووین بنکەمان بردە گوندی «سیدەڵان -ی پشدەر» لەوێ لەلایەن سەرپەلەکەمان کەناوی «هەڵمەت» بوو تۆمەتبار کرابووین کە من و «سالار بێسارانی» و «فەتحوڵڵا هەورامی» سەر بە باڵی «جەلالی»ین، بەو هۆیەوە ماوەیەک لە «دۆڵی شەیدان»ی باکووری «سەنگەسەر» دەستبەسەر کراین، دواتر بەهۆی بێبنەمایی ئەو تۆمەتە ئازاد کراین، دواتر ئەو «هەڵمەت»ـە خائین دەرچوو.
- ساڵی «1967»ی زاینی بنکەی «سیدەڵان»ـی حیزبمان گوازرایەوە بۆ «سەنگەسەر».
- لە مانگی «3ی 1968»ی زاینی لەسەر بڕیاری «مەلا مستەفا بارزانی» بنکەی هێزەکەمان گوازرایەوە بۆ «دۆڵی ئاکۆیان»ی لای «ڕەواندوز»، بەهۆی سەختی ژیان و بژێوی و گوزەرانمان لەو شوێنە زۆربەی پێشمەرگەکانی بنکەی هێزەکەمان پەرتەوازە بوون و من و «سالار بێسارانی»ـش ناچار گەڕاینەوە «سەنگەسەر». لەوێ

[1] حەسۆ میرخان – ئامر هێزی کاوەی پشدەری شۆڕشی ئەیلوول بوو لە ساڵی «1970-1975». لە «1983/8/13» لە شەڕی براکوژی لایەنەکان لە شاخ لە بەرزایی «کونەکۆتر»ی چیای «قەندیل» دەبێتە قوربانی.

بەرگدرویەک بەناوی «مەلا وسو شێخە حەمەد سەرگەینێڵی» دووکانێکی بەبێ کرێ پێداین و کردمان بە چایخانە.

- دوای چەند مانگێک کاک «ئەمیری قازی» کە لە ئەندامانی سەرکردایەتی «حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو وە تەنها هەر ئەو لە باشووری کوردستان مابۆوە لە «حاجی هۆمەران»ـەوە هاتە لامان لە «سەنگەسەر»، کە ئێمەی بەو شێوەیەی بینی زۆر نیگەران بوو، پێی وتین: بچن لە شوێنێک هۆدەیەک پەیدا بکەن من هەموو مانگێ بڕی «10» دینار هاوکاریتان دەکەم، وابوو لە گوندی «قادراوا» نیشتەجێ بووین و دوو ژووریان پێداین.
- پایزی «1968» بوو سالار بێسارانی فێرگەیەکی شەوانەی خۆبەخشانە بۆ گەورەکانی[2] خەڵکی گوندی «قادراوا» کردەوە و ژمارەیەکی فێری خوێندەواری کردن.
- دووەم مانگی بەهاری «1969»ی زاینی لەگەڵ «سالار بێسارانی» لێکدابڕاین کە ئەو ڕۆیشتە لای مامۆستا «هەژار موکریانی» بۆ سەر کاری «چاپەمەنی شۆڕشی ئەیلوول» لە گوندەکانی «قەسر و ماکۆس».

[2] گەورەکان، مەبەست لەو مرۆڤە گەورانەیە کە لە تەمەنی قوتابخانەدا نەبوون، چەند ساڵێک پاش ئەم کارەی مامۆستا سالار، هەڵمەتی «نەهێشتنی نەخوێندەواری» لە سەرتاسەری وەڵاتدا ڕاگەیەندرا، بەڵام وەک لە ساڵەکەیدا دیارە، دەرکداری و پەرۆشمەندی مامۆستا سالار زۆر لە پێش سەردەمی خۆیەوە بووە.

- دوای دەرچوونی بەیاننامەی «11ی ئازاری 1970»ی زاینی لەلایەن «حکوومەتی ئێراق»ی بۆ گەلی باشووری کوردستان وابوو ئاشتی لە باشووری کوردستان هاتە کایەوە و «4» ساڵ بەردەوام بوو.
- کە «کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی» لە «حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران» جیا بۆوە «سالار بێسارانی» پەیوەندی بەوانەوە کرد کە بنکەیان لە گوندی «بۆڵێی بناری قەندیل» بوو. کە لەوێ کچێکی خواست بەناوی «گوڵیزار» کە بڕیار بوو زوو بیگوازێتەوە بەڵام نازانم هۆکار چی بوو؟ تا هەرەسهێنانی «شۆڕشی ئەیلوول» نەیگواستەوە. کە شۆڕشی ئەیلوول کۆتایی پێهات وابوو ئەندامانی «کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی» کە ژمارەیان «55» کەس بوو خۆیان ڕادەستی حکوومەتی ئێراقی کرد ئینجا لە خاڵی سنووری «پەرویزخان» ڕادەستی ئێران کرانەوە. ماوەیەک لەلایەن ڕژێمی «شا»وە زیندان کرابوون، دواتر ئازاد کرابوون.
- لە پایزی «1975»لە «سەقز» سالار بێسارانی و چەند کەسی دیکەم دیتنەوە و گوتیان: ئێستا ئێمە وازمان لە جیابوونەوە لە «حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران» بەناوی «کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی» هێناوە و خۆمان ڕێکخراوێکی دیکەمان دامەزراندووە بەناوی «کۆمەڵەی یەکسانی» کە خەباتی چەکداری ناکەین، لەو کاتەشدابوو کە «سالار بێسارانی» گەڕایەوە گوندی «بۆڵێ - ی بناری قەندیل» و دەزگیرانەکەی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ «بێساران».

- لە مانگی «8»ی ساڵی «1979» لە دیدارێکمان لە «سەقز» لەگەڵیدا پێم گووت: کە من نیازی گەڕانەوەم هەیە بۆ باشووری کوردستان دیارە ئەویش زۆر حەزی لێبوو بگەڕێتەوە بۆ باشووری کوردستان و پێی گووتم: بەهۆی خۆت و برادەرانت وا بکە پێناسەیەکی ئێراقیم بۆ جۆر بکەن. ئیتر وابوو من لە «22ی 9ی 1979» گەڕامەوە باشووری کوردستان و ڕۆیشتمە ئۆردووگای «بەستەستێن – ی پشدەر» و دووکانێکم دانا.
- ساڵی «1980» بە هەوڵی «محەمەدی مەلا قادری شەروێت» و کەسێکی دیکە توانیمان پێناسێکی ئێراقی بۆ «سالار بێسارانی»بەدەست بخەین و وابوو پێناسەکەم وەرگرت و ڕێگەی «پێنجوین»ـم گرتەبەر تا لەوێوە بەڕێی بکەم بۆی. بەڵام بەداخەوە لە «پێنجوین» هەواڵی شەهید بوونی سالار بێسارانیم زانی ئیتر ناچار گەڕامەوە بەستەستێن».

**چیرۆکی کوژرانەکەی سالار بێسارانی:**

ساڵی «1979»ی زاینی دوای ئەوەی ڕژێمی «محەمەد ڕەزاشای ئێران» لە ڕاپەڕینێکی گشتیدا لەناو دەچێ و «کۆماری ئیسلامی ئێران» دێتە سەر کار ئەو سەردەم «ڕۆژهەڵاتی کوردستان» ماوەیەک زۆربەی ئازاد دەبێ و کاروچالاکی ڕامیاری پارت و ڕێکخراوەکان بەشێوەی چەکداری دەستپێدەکات و خەڵکی شار و ناوچە و گوندەکان پەیوەست دەبن بە لایەنەکانەوە، ئەوکات «حیزبی دیموکراتی ئێران» و «کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران» دوو لایەنی سەرەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبن. جیا لەو دوانە «حیزبی توودەی ئێرانی» و «کۆمەڵەی یەکسانی» و «چریکی فیدایی» و «سازمانی خەباتی ئیسلامی»ـش بوونیان دەبێت.

لە «1980/9/22»ی زاینی جەنگی نێوان «ئێراق و ئێران» بەدەستپێشخەری «صەدام حوسێن»ی سەرۆککۆماری ئێراق بەرپا دەبێت، ئەو جەنگە ماوەی «8» ساڵ دەخایەنێ و لە «1988/8/8» بە بڕیاری نەتەوەیەکگرتوەکان کۆتایی بەو جەنگە دێت.

لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشی «کۆماری ئیسلامی» بۆ سەر «ڕۆژهەڵاتی کوردستان» ئەوکات «شێخ عوسمانی بیارە – ڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندی» نیشتەجێی گوندی

«دووڕووە —ی مەریوان» ڕوودەکاتە ئێراق و هێزێکی چەکداری بەناوی «هێزی ڕزگاری» پێکدەهێنێت، کە «300» چەکی کڵاشینکۆفی لەلایەن حکوومەتی ئێراقیەوە پێ دەدرێت بۆ شەڕکردن دژی کۆماری ئیسلامی ئێران. «کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران» بڕیاری چەککردنی پێشمەرگەکانی «هێزی ڕزگاری» دەدات لە سنووری «مەریوان» لە گوندی «بێساران»ـیش «پێشمەرگەکانی کۆمەڵە» «پێشمەرگەکانی هێزی ڕزگاری» چەک دەکەن، کە بریتی دەبن لە ژمارەیەک خەڵکی ئاواییەکە.

دوای ئەوە «هێزی ڕزگاری» داوای چەکەکان لە «کۆمەڵە» دەکاتەوە بەڵام کۆمەڵە ئامادە نابێت بیانداتەوە. لەو نێوەدا «سالار بێسارانی» کە خۆی «کۆمەڵەی یەکسانی» بووە داوا لە «کۆمەڵەی زەحمەتکێشان» دەکات تا ئەو بابەتە سەر نەکێشێ بۆ شەڕ و پێکدادان لەنێو «بێساران» باشترە چەکەکانی خەڵکی ئاواییەکە بدەنەوە، بەڵام «کۆمەڵە» ئەو داوایای ڕەتدەکاتەوە. لە بەرانبەریشدا هێزی ڕزگاری لە «هەورامانی تەخت»ـەوە هێز کۆ دەکاتەوە و دێنەسەر «ئاوایی بێساران» و شەڕ لە بەیانیەوە تاوەکوو دوای عەسر لەنێو دێیەکەدا لەنێوان «هێزی ڕزگاری» و «کۆمەڵە»دا ڕوودەدات. لە شەڕەکەدا دوو چەکداری «هێزی ڕزگاری» یەکێکیان بەناوی «حاجی حەمە شاناز» و یەکێکی دیکە دەکوژرێن. کۆمەڵەش پاشەکشە لە گوندەکە دەکات. لەو نێوەدا سالار بێسارانی کە تەقەکە دەوەستێ دەیەوێ لە ئاوایی دوور بکەوێتەوە و بچێتە ئاوایی «ئەوێ هەنگ» بۆ ئەوەش بەتەنیا ڕوو لە چیایەکەی پشتی «بێساران» دەکات لە چۆمی

«سنێر» دەکرێتە ئامانج و گوللەیەک بەر زگی دەکەوێت و بریندار دەبێت. بە برینداری دەبرێتەوە ناو «بێساران»و دەچێتە ماڵی «عەبدوڵلا پیری» دوای چەند کاتژمێرێک «هێزی ڕزگاری» دەچنە سەر ئەو ماڵە و دەیانەوێ بە برینداری دەستگیری بکەن یان بیکوژن. ڕۆژی دووەم دەگوازرێتەوە بۆ ماڵی خاڵەکانی و سێ ڕۆژیش لە ماڵی ئەوان دەمێنێتەوە بەبێ ئەنجامدانی هیچ نەشتەرگەری و برینپێچیەک بۆی.

سالار بێسارانی لە ماڵی خاڵەکانی بیرۆکەیەک دەخاتە بەردەمیان و پێیان دەڵێت: کە بیبەن بۆ مزگەوت و بیشۆرن و کفنی بکەن و دەنگۆ بڵاو بکەنەوە کەوا مردووە و وەسیەتیشی کردووە لە کێوی «بادەرە» ئەسپەردەی بکەن و بەناوی بردنی بۆ ئەم شوێنە و ناشتنی لەوێوە دەربازی بکەن و بیگەیەنن بە پزیشک، بەڵام دیارە ئەو بیرۆکەیەی سەرناگرێ و ناچار دوای سێ ڕۆژ مانەوە لە ماڵی خاڵەکانی بە برینداری و بەبێ ئەنجامدانی کاری پزیشکی و ئەنجامدانی نەشتەرگەری چونکە گوللەکە لە جەستەی دەرنەچووبوو هاوکاتیش هێزی ڕزگاریش هەست پێدەکەن کە ئیتر هیچی دیکە بەوجۆرە ناژیەت و دەمرێت ئەوجار ڕێگە بە کەسوکارەکەی دەدەن کە بیگوازنەوە بۆ لای پزیشک و نەخۆشخانەیەک، کاتێکیش کە ڕێ دەگرنە بەر لەنێوان گوندەکانی «بێساران» و «هویا» لە شوێنێک کە ناسراوە بە «زەردەخانی» لە «15ی ئابانی 1359»ی هەتاوی بەرانبەر بە «1980/11/6»ی زاینی ژیانی لەدەست دەدات و لە گڵکۆستانی بێسارانیش بە خاک دەسپێردرێت.

ئەم زانیاریانەمان لە زمانی بەڕێز «حەسەن قوتبی»، نیشتەجێی «مەریوان» کە برازای «سالار بێسارانی»یە بیست و لە وەڵامی ئەو پرسیارەشمان کە ئایا بریندار بوونەکەی «سالار بێسارانی» بە دەستی «هێزی ڕزگاری» یان «کۆمەڵە» بووە؟ لە وەڵامدا گووتی: ئێمە تاکو ئێستاکەش ناتوانین بڵێین هیچکامێک لەو دوو لایەنە بووە. چونکە دوای شەڕەکەی نێوان ئەو دوو هێزە بریندار بووە لەو شوێنەش کە لێی بریندار کراوە هێزی ڕزگاری لێ نەبوون، هەروەها دۆستایەتی لەگەڵ «کۆمەڵەکان»یش خۆش بوو دەیانناسی، بۆیە تاکو ئێستاکەش بریندارکردنەکەی بۆمان تەمومژاویە. هەرچەندەش کە ئەوە هێزی ڕزگاری بوون کە سەرەتا ڕێگەیان نەدا بە برینداری بگوازرێتەوە بۆ لای پزیشک و نەخۆشخانە کە ئاکامەکەشی بووە هۆی ژیان لەدەستدانی.

## سالار بێسارانی سێ فێرگەی خوێندەواری بۆ سێ گوند کردۆتەوە:

سالار بێسارانی ئەوکاتەی لە سنووری «پشدەر» و بە دیاری کراوی سنووری «سەنگەسەر» و «بناری قەندیل» بووە وێڕای کاری حیزبی کە ئەندامێکی «حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران» و دواتر پێشمەرگەیەک بووە بەشداری لە بزوتنەوەی چەکداری ڕزگاریخوازی کورد لە باشوور لە ڕیزی «شۆڕشی ئەیلوول» کردووە «3» فێرگەشی خۆبەخشانە بۆ سێ گوند بۆ گەورەکانی گوندەکان کردۆتەوە کە نزیک بە «50» کەسێک لەسەر دەستی ئەو فێری خوێندواری بوون و لە گوندەکانی «مەنگوڕایەتی پشدەر» و «سەنگەسەر» و «بناری قەندیلی»ـش بە «مامۆستا سالار» یان «مەلا سالار» ناسراو بووە.

## فێرگەکەی گوندی قادراوا

لە ساڵی «1968 – 1969»ی زاینی لە گوندی «قادراوا» فێرگەیەکی خوێندەواری بۆ گەورەکانی گوندەکە کردۆتەوە کە بە شەوان وانەی پێ گوتوون و فێری خوێندەواری کردوون.

لەوبارەوە بەڕێز «مەلا ئەحمەد مامەحمەد» پێشنوێژ و گوتارخوێنی گوندی «قادراوا» گووتی: مایەی شانازیمانە بۆ یەکەم جار کە خوێندنگەیەک لە گوندەکەمان کراوەتەوە لەسەر دەستی مامۆستا «سالار بێسارانی» بووە کەوا «5» لە برایەکانم و خوشکێکم لەو فێرگەیە فێری خوێندەواری بوون.

«حەمەدەمین مام حەمەد» کە خۆی یەکێک بووە لە فێرخوازەکان گووتی: زستانی ساڵی «1968-1969» بوو لە خانوویەکی گڵی «حەسەنی حەمەداغای سەرگەینێڵی» لە «قادراوا» مامۆستا «سالار بێسارانی» فێری خوێندەواری کردین کە لە ژوورێکدا و لەسەر تەنەکە دادەنیشتین و لەبەر ڕووناکی چرا لامپاش دەمانخوێند، هەر فێرخوازێکیش دەبوایە شەوانە برە دارێک بۆ سۆبەی ژوورەکەمان لەگەڵ خۆیدا بهێنێ، شێوازی فێکردنی نووسینیش بەمجۆرە پیتەکانی پێ دەناساندین: بەنموونە وەکوو «ئـ ، ئە، ئا، ئو، ئی» ئیتر بۆ هەموو پیتەکان بەمجۆرە.

«عەبدوڵلا باپیر سەرگەینێڵی»ـیش یەکێکی دیکەیە لە فێرخوازەکان گووتی: شەوێکیان پێشمەرگەکانی تایبەتی «ئامرهێزی کاوەی پشدەر-ی شۆڕشی ئەیلوول» چواردەوری ئەو خانووەیان گرتبوو کە ئێمە وانەمان تێیدا دەخوێند، کە ئەوەبوو لە پڕ «حەسۆ میرخان-ی ئامر هێز» خۆی کرد بە ژوورەکەماندا یەکێ لە فێرخوازەکان شوێنەکەی خۆی بۆ چۆڵ کرد و لەسەر تەنەکەکەی ئەو دانیشت و بە مامۆستا «سالار بێسارانی» گووت: مامۆستا درێژە بە وانەگوتنەوەکەت بدە. دوای نزیک بە کاتژمێرێک هەستا و

زۆر داوای لێبوردنی لە مامۆستا «سالار بێسارانی» کرد و گووتی: ئێمەیان بە هەڵە لە ئێوە تێگەیاندبوو کە گوایە ئێوە وانەی «شوعیەت = کۆمەنیستی» بە فێرخوازەکان دەڵێن. وابوو بڕی «15» دیناریشی دایە دەست مامۆستا «سالار بێسارانی» وەک هاوکاری بۆ پێداویستی فێرگەکەمان کە ئەوە بوو «2» بەرمیل نەوت و «3» چرا لامپا و تەختە ڕەشەیەک بەو پارە کڕدرا. بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەم تۆمەتەش مامۆستا «سالار بێسارانی» وانەی قورئانیشی بە کەسێکی گوندەکە دەگووت بەناوی «حەمەدی عەوڵای سۆفی».

**ناوی فێرخوازەکانی گوندی قادراوا**

1- حەمەدەمین مامەحمەد

2- حەسەن مام حەمەد

3- عەبدوڵڵا مام حەمەد

4- ئیسماعیل مام حەمەد

5- خدر مام حەمەد

6- زبێد مام حەمەد

7- عەبدوڵلا باپیر سەرگەینێڵی

8- ئاڵی قۆچاڵێ سەرگەینێڵی

9- ڕەسووی حەسەن ئاڵی سەرگەینێڵێ

10- حەمەدەمینی مینەخڕەی سەرگەینێڵی

11- محەمەدی حەسەنی حەمەداغای سەرگەینێڵی

12- خالیدی حەسەنی حەمەداغای سەرگەینێڵی

13- عەوڵای زێنێ دەروەکۆتر

14- وسووی حسێنی دەروەکۆتر

15- وسو بەلەزەت دەروەکۆتر

16- ڕەسوی حەسەنی زێنێ دەروەکۆتر

17- عەبدوڵڵا پیرۆت

18- شێخە ئاڵڵا کاسکانی

19- حەسەنی خاڵندی کاسکانی

20- عەوڵا جێژنە کاسکانی

## فێرگەکەی گوندی کاسکان

«حەمەد عەبدوڵڵا سۆفی» لە دایکبووی «1957»ی زاینی کە خۆی یەکێک لە فێرخوازەکان بووە، لەو بارەوە گووتی: زستانی ساڵی «1970 – 1971» بوو کە ئەوکات تەمەنم «17» ساڵان بوو، بچوکترین فێرخوازی فێرگەکە بووم لەماوەی ئەو سێ مانگەی زستانیش دا بەتەواوی فێری خوێندەواری بووم لەسەر دەستی مامۆستا «سالار بێسارانی» ئەو خانووەی وانەشمان تێیدا دەخوێند خانووی «موسای حەمەدی برایم»ی بوو، فێرخوازەکانیش بریتی بوون لە:

1- حەمەد عەبدوڵڵا سۆفی
2- عەولا ڕەشی مام برایمی
3- مووسای حەمەدی مام باپیری
4- عەبدوڵڵا حەمەداغا
5- فەقێ حەسەنی کاسکان
6- ئەحمەدی سۆفی پیرۆتی
7- برایمە شلە
8- محەمەدی فەقێ خدری
9- حەمەدی حاجی
10- ڕەسووی مەحموودی پیرۆتی
11- پیرۆتی مەحموودی پیرۆتی

شێوازی فێرکردنی نووسینیشی بەمجۆرە فێری دەکردین بەنمونە پیتی «ف، فا، فو، فی،...».

## فێرگەکەی گوندی بۆڵێ

عەبدوڵڵا ئەحمەد ئۆمەر، لەدایکبووی «1953»ی زاینی یەکێ لە فێرخوازەکان لەوبارەوە گوتی: زستانی ساڵی «1972» کە ئەوکات «حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران» بارەگای لە گوندەکەمان بوو، مامۆستا «سالار بێسارانی» بە خەڵکی گوندەکەمانی گووت: ئەگەر خانوویەک هەبێ ئامادەم خەڵکی گوندەکە فێری خوێندەواری بکەم، کە ئەوە بوو «مینەی سۆفی حەمەدی» خانوویەکی چۆڵی هەبوو تەرخانی کرد بۆ فێرگەکە کە شەوانە دوای نوێژی خەوتنان دەچووینە فێرگەکە و وانەکەشمان «2» کاتژمێری دەخایاند بۆ ڕووناکی ژوورەکەش من ئامێرێکی «لۆکس»ـم کردبووە دیاری. لەسەر تەنەکە و کورسی داریش دادەنیشتین شێوازی فێرکردنی پیتەکان و جوڵەیان بەمجۆرە فێری دەکردین. بەنمونە: پیتی «ز، زێ، زا، زوو، زی،...» فێرخوازەکانیش بریتی بوون لە:

1- عەبدوڵڵا ئەحمەد ئۆمەر
2- مەلا عەلی قادر عەمبە
3- قادر مارف
4- حەمەدی ڕەسووی سۆفی حەمەدی

5- ئەحمەد ئاڵی

6- عەولا کاکەشین

7- کاکەحمەد حاجی مینە

8- حەسەن کوێخا

9- ڕەسووی حاجی خدری

10- ئەنوەری کوێخا خدری

11- حەسەن شێخە

12- قادر حاجی مەلا

13- محەمەد شێخ ئۆمەر

14- محەمەدی مەلا حەسەنی

15- ئەحمەدی حاجی مەلا

16- عەلی حەمەداغا

17- نەجیم حەمەدەمین

18- نەجیم کوێخا

19- حەسەن شێخ ئۆمەر

20- ئەحمەد حاجی مینە

**مامۆستا عەلی سێوەیسی ڕێگەی فێرکردنی فێرخوازەکان لەلایەن سالار بێسارانی بەم جۆرە ڕووندەکاتەوە:**

مامۆستا سالار بێسارانی ڕێگەی فێرکردنی [پیت، برِگە، وشە، ڕستە]ی بەکار دەهێنا کە ئەو ڕێگەیە سەرکەوتوترین و ئاسانترین «ڕێگە»یە بۆ فێرکردنی «ئەلفبێ» بەتایبەتی بۆ گەوران.

ڕێگەی فێرکردنی وانەیەکی «ئەلفبێ»

1) مامۆستا هەموو پیتە بزوێنەکان فێری فێرخوازەکانی دەکات کە بریتین لە «ا» + «ە» + «و» + «وو» + «ۆ» + «ی» کۆتایی + «ی» سەرەتاو ناو وشە + «ێ» کۆتایی + «ێ» سەرەتا و ناو وشە.
2) مامۆستا لەهەموو دەرسێکی تازەدا «پیت»ێکی تازە بە فێرخوازەکانی دەڵێت.

هەنگاوەکانی وانەیەکی «ئەلفبێ»

- مامۆستا دوای فێرکردنی «پیتە بزوێنەکان» یەکەم«پیت» پیتی «د» فێری فێرخوازەکانی دەکات. لەسەر بۆردەکە «9» جار پیتی «د» دەنووسێت و دەڵێت و دەیڵێتەوە فێرخوازەکان دوایە دوای ئەو دەیڵێن و دەیڵێنەوە.

- بەهاوکاری فێرخوازەکان هەموو «پیتە بزوێنەکان» بە پیتی «د» دەلکێنیت. «دا» + «دە» + «دو» + «دوو»+ «دۆ» + «دی» بەهەردوو شێوەکەی «دێ» بەهەردوو شێوەکەی و بەدەنگ و نووسین و خوێندنەوە فێرخوازەکان فێری دەبن.
- کە فێرخوازەکان چەند پیتێکیان خوێند، مامۆستا لە «بڕگەکان» وشەیان بۆ دەنووسێت و فێریان دەکات بۆ نموونە لەسەر بۆرد دەنووسێت «دا» دەڵێت: چیم نووسیوە؟ دەڵێن: نووسیوتە «دا» مامۆستا لەدوای «دا» پیتی «ر» دەنووسێت «دار» دەڵێت: چیم نووسیوە؟ هەموویان دەڵێن دار. بەم شێوەیە لە هەموو بڕگەکانی دیکە وشەیان بۆ دەنووسێت.
- لەوشەکان «ڕستە» دروست دەکات و فێرخوازەکان بەم شێوەیە فێری خوێندن و نووسین دەکات.

## سالار بێسارانی وەکوو هۆزانوانێک

سالار بێسارانی وەکوو هۆزانوانێک هۆنراوەی «سەنگەسەر» و «کۆمەڵە گوندێک» و «ئەی نیشتیمان ئەی کوردستان» و دوو هۆنراوەی کورتی دیکەی لەپاش بەجێماوە.

هەردوو هۆنراوەی «سەنگەسەر» و «کۆمەڵە گوندێک» بە دەنگی سالار بێسارانی لەسەر کاسێتی دەنگی تۆمار کراون کە بە گوتەی بەڕێز مامۆستا «وسوو حوسێن حەمەد دەروکۆتری – مامۆستا لە خوێندنگەی گوندی قادراوی بنەڕەتی» گووتی: سالار بێسارانی ئەم کاسێتەی لە کوێستانی «سەرمێرگان»ی «قەندیل» تۆمار کردوون، کە ئێمە لەلای بەڕێز مامۆستای زانکۆ «مستەفا سەید مینە سەنگەسەری» دەستمان کەوت و کردیە دیاری بۆمان.

## دەقی هۆنراوەی «سەنگەسەر»

سەنگەسەر مەکۆی سەربەستان
هێلانەی دڵ پاک و هەستان

کۆش و ئامێز پڕ لە یاران
سڵ لە بێگانە و نەیاران

ڕێبازی گەرمێن و کوێستان
دڵگیر دیمەن باغ و بێستان

سەیرانگای خێڵی سەرگەردان
پەسەندی ناو شاخ و هەردان

لەهەرلاوە دانیشتوان
لێت هاڵاون پیر و جوان

دەت پەرستن بەدڵ و گیان
وەک تۆبی سەرچاوەی ژیان

نیگاری دەستی گەردوونی
بەهەشتی مان و هەربوونی

سیروان و ئاسۆست پەرژین
دەربەندت دەم بەپێکەنین

تەنیشتت بوڵفەتی کێوە
هەوارگەی بەرز و بەنێوە

پاڵپشتت ئێلاخە شاخە
قەندیلی بەرزە دەماخە

دەوروبەرت ڕاخراوە
دەریا بەڕو عەرز و ئاوە

ئاوی زێ و شەروێت و قەندیل
جۆگەلەی سیفونی خنجیل

پاوان ملوانک و خرخاڵن
پەراوێزی خەت و خاڵن

ئەستێرەکان کە شەو دادێ
تێکرا وەکو جحێڵی دێ

بە چاوبڕکێ سەر دادێڵن
دڵی دڵداران دەکێڵن

دەڵێی وانیش تۆ پەرستن
دڵێ خۆ بەتۆ دەبەستن

چاویان بڕیوە دیمەنت
بازاڕ و چەم چیمەنت

سەنگەسەر ماوەی چەند ساڵ بوو
لەدەورەی تۆ گرم و گاڵ بوو

دووربێ نازت لێ شێوابوو
جادەکان قوڕیان پێوابوو

چەندجار هێرشت هاتە سەر
بوویتە مۆڵگەی جاش و عەسکەر

تێت ڕۆهاتن ڕێوی و چەقەڵ
قوربانت بوون چەند شێر و کەڵ

کەوتیە بەر بڵێسەی ئاگر
ئاگری دەشت و کێو داگر

ئاگری تۆپ و تەیارە
ڕیزی ڕەشاش و غەدارە

تۆش وەکو دایکان ڕۆڵەکانت
خانووە تازە چۆڵەکانت

لەنێو باوەشی هێمنت
سووتان وەک هیوای دوژمنت

یاسای سروشتی گۆڕابوون
زۆر بیر و باوەڕ دۆڕا بوون

تەڵقەتەنور تۆپی غوبار
دەیگۆڕی شەو و ڕۆژ چەندجار

باڵداری فڕۆکە بەشەو
دەیان تاراند میوانی خەو

لە باشوور دەهاتن لە دوور
هەڵیان دەدا تەڵقە تەنوور

پێت وابوو ڕۆژ گەڕایەوە
حەشرە و دنیا بڕایەوە

دەتوت چەند ئازا و بە جەرگە
کەوی ڕەشاشی پێشمەرگە

بەتۆپ لە قاسپە ناکەوێ
هەتا بەیانی ناخەوێ

وا شڵەژابوو ئەو نێوە
دەتگوت کێو دێیە، دێ کێوە

لەهەر دەشت و دۆڵ و پاڵێ
هەڵبڕابوون چەند منداڵێ

دەبوون بەهاوپەڕەی خێڵێ
کێ بوو ساوای کێ جێبێڵێ

خزم و بێگانە و نەناسی
هەموو یەکتریان دەناسی

هەمیشە کۆچ و کۆچبار بوو
هاتوچۆ و هەرا و هاوار بوو

خەڵکی ئاوارەی دەشتودەر
منداڵیان نێو دەنا کۆچەر

دۆڵ و ئەشکەوتان ئاوابوون
بەرغەڵ منداڵی ساوابوون

فرمێسکی گەش لەچاوا بوون
ئاواتیان بوو ڕۆژ ئاوابوون

گەڕان نەبوو شەو نەبایە
هەر کەس ڕووی دەکردە لایە

هەڵوەدا بوون بەرز و نەوی
تێکەڵاون کێوی و کەوی

بەهاری بوو شێوە زستان
هەردی پڕبوو لە چاو مەستان

کۆرپەی لانکیان لەکۆڵا
دەکشان بەسەر سەهۆڵا

بەرەو هەواری بیابان
سەرگەردان بێ نوێن و نان

دەتدی لە نێو بەفر و ئاوا
نەمامی کچ گوڵی ساوا

سەنگەسەر بەو گشت گوڕانە
بەو هەموو خول و سووڕانە

لەجێی خۆتی و ناحەزت چوون
ئەی بەهەشتی مان و هەربوون

دێو جامەی دیمەنی جوانت
شێوەی هەردی کوردستانت

کردی بە دوژمن ئەو هەڵە
تووشی کرد بەو داو و تەڵە

هەر تەمێ نەبوو نەیدا تک
تا دوا هەناسەی لە «گرتک»

ئەتۆش هەر ماوی وەک جاران
کۆش و ئامێز پڕ لە یاران

«.....»

## پەراوێز:

1) سەنگەسەر

بەشێک لە مێژووی سەنگەسەر:

### سەنگەسەر یەکێکە لە ناحیەکانی «دەڤەری پشدەر»

**سـەنگەسـەری یەکەمجار:** کە لە «90» ماڵێک پێکهاتبوو کەوتبووە سـەر گردەکەی قەراغی زێیەکە واتا باشـووری سـەنگەسـەری ئێسـتا، کە بە «سـەنگەسـەری کۆن» ناسـراوە، سـاڵی «1929» حکوومەتی عێراقی هاتۆتە سـەنگەسـەری یەکەمجار و ئیدارەی ناحیەی لێ داناوە ناویشـی لێنراوە ناحیەی «ناودەشـت» کەوا گوندەکانی «دەشـتی سـەنگەسـەر و ئاکۆیەتی و مەنگوڕایەتی و بناری قەندیلی» لەخۆ گرتووە. سـاڵی «1934» لە یەکەم «سـەرژمێری عێراق» کە دانی پێدانراوە، ناحیەی «ناودەشت – سەنگەسەر»یش نێونووس و سەرژمێری کراوە، کە ئەوکات تەنها ئەو بەشـەی «پشـدەر» سـەرژمێری کراوە، چونکە «قەڵادزێ» و شـوێنەکانی دیکەی «پشدەر» «حکوومەتی عێراق»ی لێ نەبووە.

**سـەنگەسـەری دووەمجار:** بەهۆی دروسـتکردنی «بەنداوی دووکان» بەشـێک لە گوندەکانی «پشـدەر، مەرگە، بیتوێن، میرزا ڕۆسـتەم» دەکەونە سـنووری ئاوی بەنداوەکە و حکوومەتی عێراقی دەیانگوازێتەوە و لە چەند شـوێنێکی دیکە نیشتەجێیان دەکات.

شـوێنی «سـەنگەسـەری ئێستا» کە ئەوکات بە «دوازدە بانوو» ناسـراو بووە دەبێتە شـوێنی نیشـتەجێبوونی بەشـێک لە گواسـتراوەکان، کە یەکەمجار لە 1958/11/11 «100 ماڵی گوندی میرزا ڕۆسـتەم» و دواتر خەڵکی گوندەکانی دیکە و سـەرەتای سـاڵی 1960یش خەڵکی «سـەنگەسـەری کۆن» لە سـەنگەسـەری ئێستا نیشـتەجێ دەبن.

- لە «1969/5/14» کە سەنگەسەر بەهۆی بارودۆخی شەڕ چۆڵکراوە، لەو ڕۆژەدا سـوپای عێراقی ڕژێمی «ئەحمەد حەسـەن ئەلبەکر» و بە فەرمانی «اسـماعیل طایە النعیمی - قائد فیرقەی دووی سـوپای عێراقی» تەواوی خانوو و ماڵەکانی سـەنگەسـەر دەسـوتێنێ، کە زۆربەیان گڵ بوون ئەوانەش کە چیمەنتۆ بوون سەرجەم کەلوپەلی نێو ماڵەکانیان دەسوتێندرێن. ڕۆژی «22ی 5ی 1969»ش سوپای عێراقی ناچار بووە لە «سەنگەسەر» و «قەڵادزێ» و تەواوی «پشدەر» بکشـێتەوە بۆ دیوی «ڕانیە» و تاوەکوو «1969/10/25» کە هیچ هێزێکی سوپای عێراقی لە «پشدەر» بوونی نامێنێ، بەڵام لەو ڕۆژەدا جارێکی دیکە سوپای

عێراقی تەواوی «پشـــدەر» داگیر دەکاتەوە، بە پێشـــڕەوی چەکدارە کوردەکانی لەگەڵ «حکوومەتی ئێراق»ی.

- سـاڵی «1989» کە ناوچەی پشـدەر لەلایەن ڕژێمی «صـدام حسـێن» ڕادەگوێزرێ لە ڕۆژی «1989/6/8»ش دەسـت دەکرێت بە ڕاگواسـتنی سـەنگەسـەر و دانیشـتوانەکەی لە ئۆردووگاکانی «دارەتوو، خەبات، جەدیدە، کەوەرگۆسک، تۆبزاوا، حاجیاوا» نیشتەجێ دەبن.

**سەرنج:**

ئەم زانیـاریـانەمـان لە زمـانی هەردوو بەڕێزان «محەمەدی مەلا محەمەدەمینی سەنگەسەری» و «سەعید حەمەبۆر میرزا ڕۆستەمی» تۆمار کردووە.

2) کە لە هۆنراوەکەدا گوتراوە «سیروان و ئاسۆست پەرژین» لێرەدا سەیرە لە جیاتی گوترابا «ئاسـۆس، کێوەڕەشـت پەرژین» کەچی گوتراوە «سـیروان» کە ئەوە بە گونجاو نابیندرێ، چونکە وەک چۆن «ئاسـۆس» پەرژینێکە بۆ «سـەنگەسـەر». هەروەها شاخی «کێوەڕەشی ڕانیە»ش بەهەمان شێوەیە. دەکرا گوتبای «ئاسۆس، کێوەرەشت پەرژین».

سـەیر لەوەدایە «سـالار بێسـارانی» لەسـەر کاسێتی دەنگیش کە بەدەنگی خۆی تۆماری کردووە هەر دەڵێ: «سـیروان» وەکوو دەشـزاندرێ سـیروان ناوی ڕووبارەکەی «دەربەندیخان»ــــە و هیچ هاوئاهەنگیەک لە بەکارهێنانی لەم

هۆنراوەیەدا بە گونجاو نابیندرێ. خۆ ئەگەر مەبەســتی «زێی بچوک» یش بووبێ کە بە درێژایی و بە قەراغی چیای ئاسـۆس دا دێتە خوارەوە و دەڕژێتە دەربەند و وێکی چواندبێ بە «ڕووباری ســـیروان» هەر گونجاو نییە، چونکە دەکرا هەر زێی بچووکی بەکارهێنابایە و گوتبای «ئاسۆس، زێی بچوکت پەرژین».

جیا لەوە گەر وشـەی «سیروێیان» یش بووایە گونجاو دەبوو، چونکە لە نووسـینی بژماری ئاشـووریەکان دا «شـاخی کێوەڕەش و ڕانیە» بە «سـیمریا» و «سـیریا» هاتووە. کە «سـیروێیان»ـــــیش بە دۆڵەکەی تەنیشــت گوندی «کونەســێ»ی «ڕانیە» ناسـراوە و یەکێکیش بووە لەو ڕێگەیانەی کە بە «شـاخی کێوەڕەش» دا ئاودیوی «پشدەر» دەبێت و ناسراوە بە ڕێی «سیروێیان». سـەرچاوە: «مامۆسـتا عەبدولڕەقیب یوســف، پڕۆژەی ئەشــکەوتەکانی کەلتوری شــارســتانی لە شــاخی کێوەڕەش، نووسینی: محەمەد فەرەج بابان، 2022»

3) کە لە هۆنراوەکەدا گوتراوە «پاڵپشتت ئێلاخە شاخە» لە وشەی «ییلاخ» فارسی سەرچاوەی گرتووە، واتای کوێستان دەبەخشێت.

4) کە لە هۆنراوەکەدا گوتراوە «تەڵقە تەنوور» دەنچەیەکی ســــەربـازی بۆمبێکی پێدەهاوێژرێ لە شەواندا بۆ ڕووناککردنەوەی دەوروبەری سەربازگە و دیاریکردنی شوێنی هێرشهێنەران بۆ سەربازگەکە بەکاردێت.

5) کە لە هۆنراوەکەدا گوتراوە «تا دوا هەناســـەی لە گرتک» گرتک یەکێکە لە گوندەکانی سەر بە ناحیەی «سەنگەسەر» و کەوتۆتە باکووریەوە دانیشتوانەکانی

لە هۆزی «ئاکۆ»ن و لە «1969/10/26» حکوومەتی ئێراقی بە پاڵپشتی تۆپ و جاش هێرشـــێکی گەورە دەکاتە ســـەر چیایەکەی باکووری گوندەکە کە پێی دەگوترێ «بەنەباریک» ئەنجامی شـــەڕەکە بە تێکشـــکاندنی ئەو هێرشـــەی حکوومەتی ئێراقی دەبێت لەســەر دەســتی «هێزی پێشــمەرگە» بە فەرماندەیی «عومەراغای دۆڵەمەری» و بە چاوساغی «سەردار پشدەری».

6) عومەر ئاغای دۆڵەمەری، یەکێک لە فەرماندە دێرینەکانی «شـۆڕشـی ئەیلوول» بووە کە لە ناوەڕاســـتی «1995-1996» لە دەوری «هەولێر» بووە قوربانی شەڕی ناوخۆ.

**تێبینی:**

هۆنراوەی «سەنگەسەر» یەکەمجار لە دەفتەرێکی دەستنووسی بەڕێز «مامۆستا عەلی سێوەیسی» وەرگیراوە کە بەڕێزیان لەو بارەوە گووتی:

ساڵی «1968» کە فەقێ بووم لە حوجرەی گوندی «شەروێت» لای مامۆستا «مەلا قادری کامەریانی» ئەوکات «سالار بێسارانی» پێشمەرگەی «شۆڕشی ئەیلوول» بوو، جاروبار دەهاتە حوجرەکەمان و زۆربەی جارەکانیش شەو لەلامان دەمایەوە. کە گفتوگۆی شەوەکان لەگەڵ «سالار بێسارانی» دا سەبارەت بە وێژەی کوردی بوو، لەبەر ئەوەی خۆی «هەورامی» بوو زیاتر هۆنراوەکانی «مەولەوی» و «بێسارانی» بۆ ڕوون دەکردینەوە، هەروەها زیاتر لە «سەنگەسەر» و «قادراوا» دەژیا. لەو نێوەشدا بوو کە هۆنراوەی «سەنگەسەر»ی لە ساڵی «1969» پێشکەش کردم.

## دەقی هۆنراوەی «کۆمەڵە گوندێک»

کۆمەڵە گوندێک لە هەردی خەیاڵ دەدرەوێشنەوە وەکوو تارای ئاڵ
«قەندیل» گرتوونیە ئامێز و کۆشی بەو هۆزە دەڵێن «خێڵە شارۆشی»
«سینەمۆکە»یە گوندی «سەرگەی نیڵ» «بێرێش» «باراوە» جێی هاتووچۆی خێڵ
لەترسی زستان سەرما و با و بۆران چۆتە نەدیوێک گوندی «ماقۆڕان»
«دەروەکۆتر»و «قادراوە»ش لە خوار جێی حەسانەوەن بۆ دونیای ڕێبوار
«شارۆش»ـیش خۆیی و خەڵکی دڵپاکی هاڵاون لە دەور مزگەوت و چاکی
«سوورەدێ» لەسەر چۆما ڕاوەستاو ڕازی کوێستانان دەسپێرێ بە ئاو
ئاشەکان وەکوو بنکەی بێ تەلن جێگەی پێویستی و پەیوەندی گەلن
«ئاشقوڵکە» ڕووی خۆی کردۆتە»ساوێن» ڕاماوە لە سوێ سرووەی خەم تاوێن
نابزوێ بە سەد ڕەنوو و فەرتەنە دەڵێی میراوی «سەرجۆی ڕەبەنە»
«پرد مەمکە» لەگەڵ «برەدێ» برن لەدێی «بەرد کوڕان» چاوان دەبڕن

لێک هەڵبڕاون پەرت و بڵاون — دەڵێی ترساوی حەزیای لافاون

جەمسەری ئاوە ئەم چەم و دۆڵە — بەناز لە ڕووی یەک ئەنێن چەمۆڵە

وەک پەری کوێستان پێیان بسپێرن — بەو سەر شاخانە خۆ هەڵدەدێرن

هێندە بە پەلە دۆڵ دەگرنە بەر — دەڵێی دەعوەتن لەلای «سەنگەسەر»

دەرڕفێنن کەمتر لەچاو تروو‌کان — ماسی سەرنجت بۆ «سەدەی دووکان»

بۆ ئەو مەڵبەندە کە چووی تۆی ڕێبوار — سەیر کە کوێستانی پڕ لە بەفری پار

سەیر کە هەڵدێری هەزار بە هەزار — لێی دەکشێتە خوار هەژدیهای بێ ژار

تاڤگە جوانەکەی پشتی «ئاشقوڵکە» — تۆزی هەڵدەستێ وەک بەفرە پوڵکە

ئەو تەپ و تۆز و دووکەڵە شینە — وەکو سکاڵای کوردە بیبینە

هەر لە کوردستان ئەگرن سەرچاوە — هەردوو وەکو یەک ئەکەن بڵاوە

ئەو بۆ دەریای شین ئەم بۆ کۆڕی شین — وای بۆ داناون چارەنووسی ژین

تۆ بە خەیاڵات لەبەرخۆتەوە — دەپرسی لە خۆت ئەفسوونە؟ خەوە؟

کێ؟ بەکام زوبان؟ کام پیت ئەوێرێ؟ — وشەی دیمەنی وا هەڵبژێرێ

خێرا دەردێنی کامیرە و تەسجیل — وێنە و ئاوازی لێ دەگری بەدیل

سەرچاوەی هەمووان گوندی «کاسکان»ـە — کۆشکی پەریانە جێگەی ئاسکانە

گەڕەک گەڕەکە، هەریەک بەناوێ
سەد خۆزگە بەوەی لەوێ بێ تاوێ

لەلام «باسکە تو» قەڵای ئەستەمە
«سەرچاوە قونیە» ئاوی زەم زەمە

«بەری کاسکان»ـە «بەرجۆ و بەرنایە»
شنەی «باڵۆتان» زەم زەمە و نایە

گەلێکی سادە و کەمێک نەزانن
زۆربەی ژن و پیاو لەیەک نەبانن

بچینە گەڕانێ شەوانە باوە
شیووی ئێواران گەنمە کوتاوە

تەمەنی زۆربەی هەیوان و ماڵان
دەڕوا بۆ پێشتر لە سێ سەد ساڵان

زۆربەیان جێگەی دۆڵ و سندۆڵان
کۆڕی کۆمەڵی کۆڵوانە کۆڵان

دەڵێی دیراوی باڵا بەرزانە
جوانی ئەوەندە زۆرە، هەرزانە

بۆ گیا برژیوە پەخشن لە دەشتا
کچ وەکو پەری لەناو بەهەشتا

کۆڵکەی زێڕینەی کری چاو کاڵان
کەوتووی کن پەڵەی هەوری ڕەش ماڵان

بڕوانە چەندە جوان و نەخشینە
دەڵێی دەستکاری دەستی «هەمینە»

سەیریکە لە لێڕ لە دێ دەردەچی
دەنگی گەڵبڕە و مەکە و تێ نەچی

هەر کۆلکە دارە کراوەتە ڕەژی
هەر داری شۆخە چونەتە گژی

لووت و گوێ بڕاو ڕنراوە قژی
نراوەتەوە ناو چنگی پژی

لەوێوەوە دەگەی بە چاکی «سۆتێ»بەرد
لە کێل دەگری لەبۆ «مرۆتێ»

جا ڕوودەکەیتە گۆڕی «تاوکێ» چاوت دەکەوێ بە بێ باوکێ
گیرۆدە مەگەر پەڕندەی چابێ دەنا ئەستەمە لە چنگی ڕابێ
جار ڕوو دەکەیتە هەردی «گوانیستان» هەوارگەی پیرۆز جێی خۆشەویستان
شنەی سرووەی ڕەزاشیرینان ڕەشەبای ناڵەی تەکیەنشینان
هەر کیژ و لاون بەڕەوانە و زوو توریان پڕبووە لە «جەوی» و «مازوو»
هەر «گوێنیە» وەکو ژیژکی بەدڕوو چەکی دڕووی خۆی هێناوەتە ڕوو
خۆی داپۆشیووە لەبەر جەو و بڕ بە پاچ دەورەیان کردووە شەق و شڕ
نشتەریان داوە لە شادەماری خوێنی سپییە «جەوی جەباری»
شینکەیە مێرگە هەرکانی و ئاوە ماڵاتی خۆیان لێ بەرهەڵداوە
هەرکێوە لە گیای بەستووە پێ تاوە شووی گەردن بەرزی لێ هەڵکێشاوە
چاوی لە عەرشی سەروو بڕیوە ورگی ئاسمانی شینی دڕیوە
ئیجازەی گرتووە بە بەفری مەندیل لای مەلای گەورە مامۆستا قەندیل
شەو و ڕۆژ مانگ و ڕۆژ دەستەویەخەن بەسەد کێشەکێش تا خۆ دەردەخەن
ڕەنگی ماندوویان زەرد هەڵدەگەڕێ وەخت لە وەختی خۆی تێ دەپەڕێ
بەو حاڵەش کەوا دێنەدەر لە سوێ هێندە ڕادەمێنن لە سوێ «گۆڕ تیسوێ»

تا دەگەنە جێ کاتی چوونیانە | هاتن نیشانەی ئاوا بوونیانە
کە چوویتە ڕاوێ پلە بە پلە | شارەزای شاخە «کا خدرە شلە»
کیژان ناوچیری ناو شاخ و هەردن | بۆ هەر دڵدارێ جێی داخ و دەردن
گەلێکیان سڵن هێندێ دەستەمۆن | سۆفیشیان هەیە لەسەر بیری کۆن
هەشیانە ڕاوچی کەنەی پێکاوە | دەنازێ بەوەی کە خودا پێی داوە
«کانی شینکە»یە «کانی خاتوون»ـە | بەهار و پایز جێی هاتوو چوونە
هەواری «ئەڵمۆس» جێی میری خێڵە | بەدیاری لەوێ دڵ بەجێ بێڵە
چاو پێکەوتنی ئەو دیمەنانە | بۆ جەزرەبەی دڵ بوونە بەهانە
بەماندوو نەبی چۆنی کیژێ گیان | هاتە گوێم نەوای سەنتوری ژیان
بەقوربانت بم دەبەرت مرم | ئاگری خستە دڵ و جگەرم

«.....»

**پەراوێز:**

- شارۆش و شارۆشی: شارۆش یەکێکە لە گوندەکانی بناری قەندیل. بەدەر لەوەش شارۆشی تیرەیەکیشە لە هۆزی ئاکۆ و بەسەر ئەم گوندانە دابەش بوون: «کاسکان، شارۆش، سینەمۆکە، ئاشقولْکە، سورەدێ، سەرگەینێڵ، بەردکوڕان، بێرێش، باراوە، ماقۆڕان، گۆڕگامێشە، قەرە، دەروەکۆتر، قادراوا».
- ساوێن: ناوی چیایەکە لە زنجیرە چیای «گەڵاڵە»ی «مەنگوڕایەتی پشدەر».
- سەرجۆری ڕەبەن: لە پشتی گوندی «ئاشقولْکە» سەرچاوە دەگرێ و درێژ دەبێتەوە تا «باسکی سورکە»ی نێوان گوندەکانی «شارۆش» و «سینەمۆکە».
- کر: ئەو ئامرازانەی کە ئافرەتان لە موو و خوری دروستیان دەکرد وەکوو «کەژوو، بەڕە، تێڕ، مافوور، جەواڵ، تورەکەی خوێ، کوێنی ڕەشماڵ، بزوو». کە بە ئامادەکردنیان دەگوترا «کر».
- پێتاو: جۆرێکە لە گۆڕەوی زەنگاڵ کە لە خوری مەڕ دەچندرا لە بەلەکەوە بوو تا ئەژنۆ.
- پژی: چڕی.
- کا خدرە شلە: خدری مام ئاغا کە ڕاوچیەکی گوندەکە بووە.
- بەفرە پولکە: ئەو بەفرەی کە بەشێوەی ورد ورد و وشک دەبارێ.

- پەڕندە: باڵندە.
- لایەزی: ئەو دارانەی کە لافاو دەیانهێنێ.
- شەیدان: لە گوندی «قادراوا»وە تا «کورتەک» ئەو دۆڵە پێی دەگوترێ «دۆڵی شەیدان». کە بەداخەوە ئێستا کراوە بە دۆڵی شەهیدان.
- بەڕەوانە: واتە بە خێرایی.
- هەمین و مرۆت: دوو کچی جوانی ئەوکاتی گوندی «کاسکان» بوون.
- کە لە هۆنراوەکەدا گوتراوە «توریان پڕ بووە لە جەوی و مازوو»، وشەی «تور» واتا توورەکە.

**تێبینی:**

- هۆنراوەی «کۆمەڵە گوندێک» لە دەفتەرێکی دەستنووسی بەڕێز «مامۆستا عەلی سێوەیسی» وەرگیراوە کە بەڕێزیان لەو بارەوە گووتی: ساڵی «1970» سالار بێسارانی ئەم هۆنراوەشی پێشکەش کردم.
- هەردوو هۆنراوەی «سەنگەسەر و کۆمەڵە گوندێک»ـیش دواتر لەلای بەڕێز «مامۆستا وسوو حوسێن حەمەد دەروکۆتری» مامۆستا لە خوێندنگەی گوندی «قادراوای بنەڕەتی» دەستمان کەوتن کە لە دەفتەرێکدا نووسیوونیەتەوە.

## هۆنراوەی ئەی نیشتیمان ئەی کوردستان

ئەی نیشتیمان، ئەی کوردستان
بۆ پێشەوە بەبێ وچان

با بزانن لاوان هەتا
تا نەبیتە خاوەن ئاڵا

گەر کورد زمان بێ قەنارە
بمرێ، بێ کەڵک و مردارە

تکام وایە لە تۆ گیانە
ڕێگا نەدەی بەبێگانە

هەتاکو تۆش بێیەوە هۆش
لاوەکانت ببن دڵخۆش

ئاوات بکەن بە زانستی
بێنە مەیدان بە سەربەستی

ئاڵا هەڵکەن ئاڵای ناسراو
بەخوێنی لاوان ڕەنگکراو

ئەم هەموو خاوەن لاوانە
ئەم هەموو ژن و پیاوانە

ئەمڕۆ لە کاتی نەورۆزا
گێڕامان جەژنە پیرۆزە

ئێستاکەش سەرۆک بارزانی
تفەنگی کردۆتە شانی

پشت بە خوا و بە گەل و هۆزی
دەستێنێ مافی پیرۆزی

«.....»

## پەراوێز:

- ئەم هۆنراوەیەمان بۆ یەکەمجار لە زمانی بەڕێز «ئاڵی قۆچاڵی سەرگەینێڵی» لەدایکبووی «1936» نیشتەجێی گوندی «قادراوا» بیست، کە خۆشی کاتی خۆی یەکێک بووە لە فێرخوازەکانی «سالار بێسارانی». هەروەها بەشێک لەم هۆنراوە لەلایەن بەرێز مامۆستا «وسوو حوسێن محەمەد دەروکۆتری» مامۆستا لە «خوێندنگەی قادراوای بنەڕەتی» لە دەفتەرێک دا نووسرابۆوە.
- بەڕێز «حەمەد عەبدوڵڵا سۆفی کاسکانی» گووتی: ئەم هۆنراوە من و «حەمەدەمین مام حەمەدی قادراوا» لە ئاهەنگی نەورۆزی «سەنگەسەر» ساڵی «1970» خوێندمانەوە کە مامۆستا «سالار بێسارانی» ئێمەی بردبوو بۆ بەشداری لە ئاهەنگەکە، ئاهەنگەکەش لە «قوتابخانەی میرزا ڕۆستەم»ی لە نزیک بازاڕ.

## هۆنراوە شەش دێڕیەکە

زستان توخوا زوو برۆ

تووبی و خودا درەنگە

تا لە گەرمێن بێتەوە

مرۆتم شۆخ و شەنگە

دوور لە باڵای مرۆتێ

تەقەی تۆپ و تفەنگە

«....»

**پەراوێز:**

- مرۆت کچێکی گوندی کاسکان بووە لەو سەردەمەدا.



**سالار بێسارانی**



**سالار بێسارانی**



بایز شەریف ناسراو بە شێخ بایز



محەمەدی مەلا محەمەدەمینی



مامۆستا عەلی سێوەیسی



مەلا ئەحمەد مام حمد قادراوایی



حەمەد عەبدوڵلا سۆفی کاسکانی



عەبدوڵلا ئەحمەد ئۆمەر بۆڵێ



حەمەدەمین مام حمد قادراوایی



عەبدوڵلا باپیر سەرگەینێلی



مام ئاڵی قۆچاڵی سەرگەینێڵی



سەعید حەمەبۆر میرزا ڕۆستەمی